# ئایا سەرکردە دەمرێت؟

**عومەر جەلال**
omerjelal@yahoo.com

**هەمیشە ئەو سەرکردانەی کە بە سیستمی دیکتاتۆری دەسەلات دەگرنە دەست بەهەمان شێوە و ئەندازەی سیستەمی دیکتاتۆرانە شکستی پێدەهێنرێت و لە ناودەبرێت, بۆ وێنە سەدام و هاوەڵەکانی زیندوو ترین نموونەی ئەم سەردەمەن.**

**سەرکردەی ئازیز و زیندوو کەبتوانێت کۆمەڵگە لە هەناوی خۆیدا جێبکاتەوە ,ئەو سەرکردانەیە کە مردنی هەرگیز کۆتایی بەدەسەلاتی ناهێنێت**

**یان بە مانایەکی دی نەمری سەرکردە پەیوەستە بە کۆی ئەو سیستەمی دەسەلاتەی پراکتیزەی دەکات,سەرکردە دەتوانێت رۆچێتە نێو پەڕاوی قوتابخانەکانەوە ,دەتوانێت لەماڵەکاندا ئامادەگی ببێت وەلیٚ کام سەرکردە؟ئایا سەرکردەی کوردی توانیویەتی لە ئاست ئەو خەونانەدا بێت کە کۆی کۆمەڵگە دەنگی پێداوە و هەڵی بژاردوون؟**

**وەلاّم دانەوەی وەها پرسێك لە رووخساری هەریەك لە تاکی کوردی بەدیدەکرێت,سەرکردە دەتوانێت کۆمەڵگە لە قەیرانی گەورەوە بگوازێتەوە بۆ خۆشگوزەرانی و تاکی کۆمەڵگە لای خۆی خۆشەویست بکات,وەك و ئەو سەرکردانەی کە هەموو تەمەنیان بەخشی بەهەستی نەتەوەی و بەرخۆدان ( پیران و قازی )بۆ نموونە, کە تاهەنووکە لە رۆحی هەریەك لە تاکی کوردیدا زیندووە هیچ شتێك ناتوانێت کۆتای بەبوونی ئەو سەرکردانە بهێنێت لە کاتێکدا نیو سەدە زیاتر بەسەر ژیانیاندا تێدەپەرێت.**

**سەرکردە دەتوانێت ئەو گۆرانیانەمان لیٚ قەدەخە بکات کە بیٚ ئەو هەڵناکەین ,دەتوانێت جوانی ئێوارانمان لیٚ بشارێتەوە و رۆژەکانمان تەژی بکات لە تاریکی ,نەهێلێت بۆنی نێرگز بکەین ,دەتوانێت زیندەگیمان بکات بەمەرگ و شەوانمان پرکات لە رۆندك ,سەرکردە دەتوانێت ئاراستەی ( با ) بگۆرێت ,شەڕ لەتەك ( باران ) بکات لوتکەکانی نیشتمان بگوازێتەوە بۆ باخچەکەی نێو ماڵی خۆی ,سەکردە هەموو شتێکی لەدەست دێت دەتوانێت رەنگی ( ئاو ) بگورێت و دەنگی هەور نەهێلێت ,سەرکردە خوازیارە هەر خۆی بێت و بەس ,سەرکردە دەتوانێت ژووانەکانمان دوا بخات ,لە بۆنی تەنهایمان بکات ,دەنگی خۆی ئاوێتەی دەنگی شیعرمان بکات ,سەرکردە هێند بە هێزە دەتوانێت لەتەکمان بێت بۆ قوتابخانە لە وانەکانی خۆشبەختی بەشدارمان بێت و لە ئازار لێمان هەڵبێت ,سەرکردە لە هێزی دایە رۆژنامەکان تەژی بکات لە وێنەی رەنگاو رەنگی خۆی (لە کاتێکدا عاشقێکی تەنیا دەیەوێت ئەگەرنیگای یار لەودیوی نەهیلیستیەوەبێت ببینێت ) سەرکردە هەموو شتێکی لە دەست دیٚ دەتوانێت بە دەنگی ئاسوودەی لە تەکمان بپەیڤێت و بەرەنگی بەخشندەی خۆی نمایش بکات , وەلیٚ ناتوانێت قەڵەمەکانمان بشکێنێت.**

**سەرکردە هەمیشە لەخەوندا دەبینرێت ,ناتوانێت خەون بە تاکی کۆمەڵگەوە ببینێت ,سەرکردە نێوانی لەتەك نەخۆشیدا باش نییە ( مەرگ ) ئەو چەمگە قێزەوونەیە کە لەفەرهەنگی سەرکردەدا زیندانە و تەمەنیش ناتوانێت بە سەرکردە بڵێت دەرۆم ,هەژارەکانی کۆمەڵگە ئەو کەسانەن کە هەموو تەمەنیان کۆبکەنەوە هەرگیز ناگات بە چەند چرکەیەك لە خۆشبەختی سەرکردە ,هەژارەکان مرۆڤ گەلێکن مەرگ هاوریٚ ی نزیکیانە و تەمەنیان بەکەڵکی خەندە نەماوە و ژیان قێزی لیٚ دەکاتەوە ,هەژارەکان تەنیا دەتوانن لە رێگای تێڤییەوە سەرکردە ببینن ,سەرکردە دەبێتە نهێنییەکی گەورە لە خەونی هەژارەکاندا , وێنەکانی سەرکردە زۆرن هەندیٚ سات لە وێنەی هەموو مرۆڤەکان زۆرتر دەبن ,وێنەکانی سەرۆك تەنیا جیاوازییەکی گەورە هەیە لەتەك وێنەی سۆزانییەکان ,ئەویش ئەوەیە (وێنەی سۆزانییەکان دەشاردرێنەوە وێنەی سەرۆك بە تۆپزی نمایش دەکرێت لەهەموو دەسگا هەستیارەکاندا ) بە پەروەردەیشەوە,شەقامەکان بە نێوی سەرکردەوە نێوی لێدەنرێت و باخچەکان رەنگی سەرکردە دەگرن ,منداڵەکان نێوی سەرکردە لە وانەکانیان چاکتر ئەزبەر دەکەن ,سەرکردە رۆدەچێتە نێو ناخی زەوییەوە و دەسەلاتی دەبێت لە ناشرین کردنی سرووشت و دەتوانێت رەنگی ئاسمان بگۆرێت.**

**سەرکردە لەتەکمان دەخەوێت بێئەوەی ئاگادرای بین ,سەرکردە بەشدار دەبیٚ لە خەون و خەیاڵمان ,سەرکردە دەتوانێت هەناسەشمان بشێوێنیٚ**

**سەرکردە لە پێش ئێمەدا دەچێتە بەهەشت و دەرگاکانی خۆشبەختیش دادەخات ,سەرکردە لەجەنگدا لە پاش ئێمەوە خۆی مەلاّس دەدات و لە قوچاندنا لە پێشی هەر هەموومانەوە بە رەو مەنفا دەچێت ,**

**سەرکردە لەبەر بارندا رادەوستێت و تەڕ نابێت ,سەرکردە دەمرێت و زیندەگیمان لەتەك دابەش دەکات ,سەرکردە هەموو زەویمان لێداگیر دەکات و واز ناهێنێت ,ئەوەی سەرکردە لە ئێمە جودا دەکاتەوە باڵەکانێتی ,دەتوانێت بە ئاسماندا بفڕێت و نەنیشێتەوە ,ئەوەی سەرکردە لە ئیمە جودا دەکاتەوە**

بیرنەکردنەوەیەتی لە تاکی کۆمەڵگە ,ئایا سەرکردە دەتوانێت لەکرێوەی بەفردا و لە ساردترین رۆژەکانی وەرزی زستاندا منداڵە بێنازەکانی نیشتمان یاد بگات؟ئایا سەرکردە دەتوانێت لەتەك هاواری شێتێکی تەنیادا رۆژ بکاتەوە ؟سەرکردە چییە ؟ئایا سەرکردە مرڤە یان ؟؟

سەرکردە دەمرێت ( تەنیا مردن دەتوانێت سەرکردە و تاك کۆبکاتەوە ) بەلأم کام سەرکردە؟ئایا سەرکردەیەك وەك ( غاندی ) کە بەدەستی خۆی جل و بەرگی خۆی ئامادە بکات و بە پێچەوانەی سەرکردەکانی دی کە ( دەیان بەرگ درووی تایبەتیان هەیە ) کام سەرکردە لە رۆحی کۆمەڵگەدا دەمرێ,

دەبوایە سەرکردەکانی ئەم سەردەمە ئەزموونیان لەسەرکردەکانی رابردوو ببینیایە,هەروەك چۆن ( ماندێلا ) چارەکە سەدەیەك لەتەمەنی خۆی بەخشی بە خزمەتی کۆمەڵگە ,نەوەك ئەمرۆ کەسانێك بەناو سەرکردە پێچەوانەی ( ماندێلا ) ژیان بۆ هاولأتیان لە زینداندا دابین دەکات و سەرکردەش خۆی لە ئاسودەیدا.

---

*لە هەفتەنامەی ( میدیا ) ژمارە ( 286 )ی 2007/4/24 بلأوبووەتەوە